# وەقایعی کوردستان


**ڕۆژنامەی رەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات**

ژمارە (٢١٣) سالی حەڤدەم ١٨/ تمووز/٢٠١٧ زاینیی ٢٧ / پوشپەر / ٢٧١٧کوردی ٢٤ / شوال / ١٤٣٨ کۆچی

# 213


## لەم ژمارەیەدا :


بڕیاری ژمارە (١١١) سالی ٢٠١٧ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ل ١

بڕیاری ژمارە (١١٢) سالی ٢٠١٧ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ل ٣

بڕیاری ژمارە (١١٣) سالی ٢٠١٧ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ل ٤

ڕێنمایی گومرگی ژمارە (١)ی سالی ٢٠١٧ وەزارەتی دارایی و ئابووری ل ٥
ڕێنمایی تایبەت بە هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل و ئامێر

ڕێنمایی ژمارە (١٨)ی سالی ٢٠١٧ وەزارەتی دارایی و ئابووری ل ٧
خەرج کردنی کرێی هاتووچۆی سەرپەرشتیاران

ڕێنمایی ژمارە (١٩)ی سالی ٢٠١٧ وەزارەتی دارایی و ئابووری ل ٩
کرێی وانە بێژی

ڕێنمایی ژمارە (٤)ی سالی ٢٠١٧وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ل ١٠
پێدانی مۆلەتی کارکردنی لقی ژووره بازرگانیەکان و بنکەی کاری بازرگانی و سەنتەری بازرگانی

بەیانی ئەنجومەنی دادوەری سالی ٢٠١٧ ل ١٢

بەیانی ژمارە (١)ی سالی ٢٠١٧ وەزارەتی داد ل ١٣

بەیانی ژمارە (١)ی سالی ٢٠١٧ وەزارەتی پەروەردە ل ١٣

بەیانی ژمارە (٦)ی سالی ٢٠١٧ وەزارەتی ناوخۆ ل ١٤
هەموارکردنی بەشی دووەم برگە (٢) تایبەت بە دامەزراندنی موختار بەم

بەیانی ژمارە (١١)ی سالی ٢٠١٧ وەزارەتی ناوخۆ ل ١٤
تایبەت بەهەمواری چوارەمی ڕێنمایی تایبەت بەکاری موختارەکانی سالی ٢٠١٣

بەیانی ژمارە (١٢)ی سالی ٢٠١٧ وەزارەتی ناوخۆ ل ١٥
هەمواری دووەمی ڕێنمایی ڕێکخستنی کاری کۆمپانیا ئەمنییەکان لە هەرێمی کوردستان

بەیانی سالی ٢٠١٧ وەزارەتی پلاندانان ل ١٦

بەیانی ژمارە (١٨ - ١٩ - ٢٠ - ٢١) سالی ٢٠١٧ وەزارەتی تەندروستی ل ١٦



http//: www.moj.gov.krd
dad@moj.gov.krd

ناونیشان: هەولێر - چوار ڕیانی فرنسۆ میتران بالەخانەی وەزارەتی داد.
☎: (٢٢٤٥٥٠٨-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥١٤)

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢١٣) السنة السابعة عشرة ١٨ / تموز / ٢٠١٧ ميلادي ٢٧/ پوشپەر / ٢٧١٧كوردي ٢٤ / شوال / ١٤٣٨هجرى

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Publishing by Ministry of Justice

213


## في هذا العدد:

فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط


| | |
|---|---|
| قرار رقم (١١١) لسنة ٢٠١٧ رئاسة مجلس الوزراء | ص ١ |
| قرار رقم (١١٢) لسنة ٢٠١٧ رئاسة مجلس الوزراء | ص ٣ |
| قرار رقم (١١٣) لسنة ٢٠١٧ رئاسة مجلس الوزراء | ص ٤ |
| تعليمات للكمارك رقم (١) لسنة ٢٠١٧ وزارة المالية والاقتصاد | ص ٥ |
| تعليمات رقم (١٨) لسنة ٢٠١٧ وزارة المالية والاقتصاد | ص ٧ |
| تعليمات رقم (١٩) لسنة ٢٠١٧ وزارة المالية والاقتصاد | ص ٩ |
| تعليمات رقم (٤) لسنة ٢٠١٧ وزارة التجارة والصناعة | ص١٠ |
| بيان لسنة ٢٠١٧ المجلس القضاء | ص ١٢ |
| بيان رقم (١) لسنة ٢٠١٧ وزارة العدل | ص ١٣ |
| بيان رقم (١) لسنة ٢٠١٧ وزارة التربية | ص ١٣ |
| بيان رقم (٦) لسنة ٢٠١٧ وزارة الداخلية | ص ١٤ |
| بيان رقم (١١) لسنة ٢٠١٧ وزارة الداخلية | ص ١٤ |
| بيان رقم (١٢) لسنة ٢٠١٧ وزارة الداخلية | ص ١٥ |
| بيان لسنة ٢٠١٧ وزارة التخطيط | ص ١٦ |
| بيان رقم (١٨ — ١٩ -٢٠ — ٢١) وزارة الصحة | ص ١٦ |



No. 213 Date : July , 18 , 2017 Vol.: 17



العنوان : اربيل- تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل

☎ :(٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥٠٩-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

http//: www.moj.gov.krd

dad@moj.gov.krd



مطبعة نازة

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە : ( ٢٦١٤ ) لە ٢٠١٧/٦/١٢**

## بڕیاری

## ژمارە ( ١١١ )ی ساڵی ٢٠١٧

پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو ، وئاماژە بە هەردوو بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧١) لە ٢٠١٦/٢/٣ ، و بڕیاری ژمارە (١٠٠) لە ٢٠١٧/١/٣١ ، و لەسەر پێشنیاری لیژنەی باڵای پڕۆژەی تۆماری بایۆمەتری مووچەخۆران پێکهاتوو بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧١) لە ٢٠١٦/٢/٣ ، و ئاماژە بەکۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٨) لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٥/٣٠ ، بڕیاردرا بە :

١- دەستنیشانکردنی ڕۆژی ٢٠١٧/٦/١٥ وەك دوا وادەی تۆمارکردنی مووچەخۆرانی هەرێم لەسیستمی بایۆمەتری .

٢- پڕۆسەی تۆماری بایۆمەتری دەبێتە بەشێك لە سیستمی کارگێری گشتی هەرێمی کوردستان و لەدوای تێپەربوونی وادەی ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (١)ی ئەم بڕیارە ، تۆمارکردنی بایۆمەتری بەردەوام دەبێت بۆ ئەم حاڵەتانەی خوارەوە بەمەرجێك پێشتر خۆیان لە سیستمی بایۆمەتری تۆمار نەکردبێت .

أ- دامەزراندنی نوێ بەشێوەکانی: فەرمانبەری هەمیشەیی ، فەرمانبەری گرێبەست ، دامەزراندنی کاتی .

ب- خانەنشینی نوێ .

ج- گۆڕانکاریی لە وارسی شەهیدان و ئەنفالکراوان کە ئیمتیازاتی شەهیدانە وەردەگرن لەبەر ڕۆشنایی یاسای پەیوەندیدار .

د- سوودمەندی نوێ لە هاوکارییەکانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان و تۆڕی چاودێری کۆمەڵایەتی و پاراستنی خێزانی و هەر بوارێکی تری هاوکاری و پشتیوانی کۆمەڵایەتی .

هـ- دەستبەکاربوونەوەی ئەو فەرمانبەر و کارمەندانەی کە مۆڵەتییان وەرگرتووە بە مۆڵەتی بێ مووچەشەوە .

٣-لیژنەی تۆماری بایۆمەتری هەڵدەستێت بەدۆزینەوەی میکانیزمی شیاو بۆ تۆمارکردنی مووچەخۆرانی دانیشتووی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کە لەکاتی خۆیدا لەبەر هەر هۆکارێکی پەسەند نەیانتوانیبێت خۆیان تۆمار بکەن .

٤-لە مانگی ئەیلولی (٢٠١٧)ـەوە خەرجکردنی مووچە و بەخشین و بیمەکان لەسەر بنەمای تۆماری بایۆمەتری پشتڕاستکراوە دەبێت .

٥- أ- پێویستە لەسەر سەرجەم یەکە حیسابییەکان (مەرکەزی و لامەرکەزی) مانگانە لیستی مووچەی پشتبەستوو بەتۆماری بایۆمەتری بەشێوەی دیجیتاڵ بۆ گەنجینە پەیوەندیدارەکان بنێرن .

ب – بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوانی وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بەوەزارەت و هاوشێوەکانیان لە گشت دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بەرپرسیارن لە جێبەجێ کردنی خاڵی (أ)ی ئەم بڕگەیە .

٦- وەزارەتی دارایی و ئابووری دەبێتە خاوەنی ئەو داتا و زانیارییانەی کە لەپرۆسەی تۆماری بایۆمەتری کۆکراونەتەوە ، و لیژنەی باڵای تۆماری بایۆمەتری بەرپرسە لە ڕادەستکردنی ئەم داتا و زانیارییانە .

٧- پەسەندکردنی پێشنیاری جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ڕێکخستنەوەی میلاکاتی حکومەت لەسەر بنەمای پێداویستی فیعلی و هەیکەلییەتی ئیداری بەپێی وەسفی وەزیفی لەبەر ڕۆشنایی ئەرك وچاڵاکیی دەستنیشانکراو بۆ دامەزراوە گشتییەکان .

٨-وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکەن و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان ) بڵاودەکرێتەوە .

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

ژمارە : ( ٢٦١٥ ) لە ٢٠١٧/٦/١٢

## بڕیاری

## ژمارە ( ١١٢ )ی ساڵی ٢٠١٧

پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو ، وئاماژە بەکۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٨) لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٥/٣٠ ، و لەسەر پێشنیاری وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار ، بڕیاردرا بە :

١- پەسندکردنی (نەخشە ڕێگای پەرەپێدان و چاکسازی لە کەرتی ئاو و ئاوەڕۆی هەرێمی کوردستان ) ، کە وێنەیەکی پوختەی نەخشە ڕێگاکە هاوپێچی ئەم بڕیارەیە .

٢- ڕاسپاردنی وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزار بۆ دانانی پلانی جێبەجێکردنی نەخشە ڕێگای ئاماژە پێدراو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی تر بەتایبەتی وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و ئەو ڕاوێژکارە بیانیانەی کە هاوکاری وەزارەت بوون لە ئامادەکردنی نەخشە ڕێگاکە .

٣- پێویستە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بەڕاپۆرتێکی دەوری ئەنجومەنی وەزیران لە بەرەوپێشچوون و ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی نەخشە ڕێگاکە ئاگادار بکاتەوە .

٤-وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکەن و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان ) بڵاودەکرێتەوە .

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە : ( ٢٦١٦ ) لە ٢٠١٧/٦/١٢**

## بڕیاری

## ژمارە ( ١١٣ )ی ساڵی ٢٠١٧

پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو ، وئاماژە بەکۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٨) لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٥/٣٠ ، و لەسەر پێشنیاری وەزیری پلاندانان ، بڕیاردرا بە :

١- لێخۆشبوونی گومرگی بۆ ئەو کەلوپەل و کاڵایانەی کە هاوردە دەکرێن بۆ ناو هەرێمی کوردستان بۆ ئەو پرۆژانەی خزمەتگوزاریی گشتی کە تەمویل دەکرێن لەسەرچاوەی دارایی بەدەستهێنراو لە وڵاتان و دامەزراوە بەخشێنەرەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەمەرجێك تەنها ئەو کەلوپەل و کاڵایانە بگرێتەوە کە بەناوی ئەوان هاوردە دەکرێن و بەفعلیی بەکار دەهێنرێن لە جێبەجێکردنی ئەو پرۆژە گشتییانە بەپێی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتییەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٦ ، بەرەچاوکردنی یاسا پەیوەندیدارەکان بەتایبەتی ماددەی (١٥٥) لە یاسای گومرگەکانی کارپێکراو لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٨٤ی هەموارکراو و بەسوود وەرگرتن لە ئەحکامی ماددەی (٣٦) لە یاسای ژمارە (١)ی بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی دارایی ٢٠١٣ .

٢- وەزارەتی دارایی وئابووری دەتوانێت ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەربکات .

٣-وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکەن و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**نێچیرڤان بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە : ٧٩٢٩ لە ٢٠١٧/٦/١١**

**بەمەبەستی برەودان بە بواری بازرگانی ئۆتۆمبێل و ئامێر وە لەپێناو رێگری کردن لە هاووردەکردنی ئۆتۆمبێلی کوالێتی نزم و بێ کەڵك وە رێکخستنی کاری گومرگی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل بۆ ناو هەرێم بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم رێنماییە :-**

## رێنمایی گومرگی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٧

## رێنمایی تایبەت بە هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل و ئامێر

**ماددەی (١):**

**ئۆتۆمبێلی صالۆن ئیستێشن و پاص (١٤) چواردە نەفەری بەرەو خوارەوە ، ئۆتۆمبێلی (فریاکەوتن و ڤان ) سێ مۆدیل رێگای پێ دەدرێت لە بەرواری (٧/١)ی هەموو ساڵێك مۆدێلێك دەگۆرێت و مۆدێلێك سەردەکەوێت . بۆ نمونە لە بەرواری (٢٠١٧/٧/١) مۆدێلەکانی (٢٠١٦،٢٠١٧،٢٠١٨) رێگایان پێ دەدرێت .**

**ماددەی (٢):**

**ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر (٣) سێ تەن بەرەو سەرەوە ، ئۆتۆمبێلی پاصی (٢٠) بیست نەفەری بەرەو سەرەوە (١٠) مۆدیل رێگای پێ دەدرێت لە بەرواری (٧/١)ی هەموو ساڵێك مۆدێلێك دەگۆرێت و مۆدێلێك سەردەکەوێت . بۆ نمونە لە بەرواری (٢٠١٧/٧/١) مۆدێلەکانی (٢٠٠٩) تاکو مۆدێلی (٢٠١٨) رێگایان پێ دەدرێت .**

**ماددەی (٣):**

**ئامێری بیناسازی و کشتوکاڵی (١٥) پازدە مۆدێل رێگەی پێ دەدرێت و لە بەرواری (٧/١)ی هەموو ساڵێك مۆدێلێك دەگۆرێت و مۆدێلێك سەردەکەوێت . بۆ نمونە لە بەرواری (٢٠١٧/٧/١) مۆدێلی (٢٠٠٤) تاکو مۆدێلی (٢٠١٨) رێگای پێدەدرێت .**

**ماددەی (٤):**

**ئۆتۆمبێلی صالۆن و ئیستێشن ، پیکاب ئەگەر کێشی لە (٣) سێ تەن کەمتر بێت ، دەبێت هەر دوو سیستەمی (ABS) و ( دەبڵ ئێرباك ) یان هەبێت .**

**ماددەی (٥):**

**ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر کە کێشی هەڵگرتنی لە (٣)سێ تەن بەرەو سەرەوەیە ، پێویستی بەسیستەمی (ABS) و ( ئێرباك ) ناکات .**

**ماددەی (٦):**

**ئۆتۆمبێلی پاص (١٤) چواردە نەفەری بەرەو خوارەوە ، ئۆتۆمبێلی (فریاکەوتن و ڤان ) پێویستی بەهەر دوو سیستەمی (ABS) و ( دەبڵ ئێرباك ) هەیە .**

**ماددەی (٧):**

**رێگە نادرێت بە هاووردەکردنی ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بەر ( لافاو کەوتوون ، سووتاون ، وەرگەراون ، بڕاوەن ، بۆ کاری پۆلیسی بەکارهاتوون ، ئۆتۆمبێلی تاکسی بەکارهاتوون ) بۆ ناو هەرێمی کوردستان .**

**ماددەی ( ٨ ) :**

**کار بەهیچ ڕێنماییەك ناکرێت کە لەگەڵ ماددەکانی ئەم ڕێنماییە دژ بێت .**

**ماددەی ( ٩ ) :**

**ئەم ڕێنماییە لە بەرواری (٢٠١٧/٧/١) دەخرێتە بواری جێبەجێ کردنەوە و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان ) بڵاودەکرێتەوە .**

**تێبینی /**

- **سەبارەت بەماددەی یەکەم مۆدێلی (٢٠١٥) تاکو بەرواری (٢٠١٧/٨/١) ڕێگای پێدەدرێت بەهاوردەکردنی .**
- **سەبارەت بەماددەی دووەم مۆدێلی(٢٠٠٧و٢٠٠٨) تاکو بەرواری (٢٠١٧/٨/١) ڕێگای پێدەدرێت بەهاوردەکردنی**
- **سەبارەت بەماددەی سێیەم مۆدێلی(٢٠٠٢و٢٠٠٣) تاکو بەرواری(٢٠١٧/٨/١) ڕێگای پێدەدرێت بەهاوردەکردنی**

**ڕابەر صدیق محمد**
**بریکاری وەزارەت بەوەکالەت**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە : ٨٦١٣ لە ٢٠١٧/٧/٩**

## ڕێنمایی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١٧
## خەرج کردنی کرێی ڕێنمایی هاتووچۆی سەرپەرشتیاران

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە سەبارەت بە چۆنیەتی خەرج کردنی کرێی هاتووچۆی سەرپەرشتیارانی میلاکی وەزارەتی پەروەردە :-

**یەکەم:** خەرجی هاتووچۆی سەرپەرشتیاران لەناو شارەکانی بە بڕی (٧٥٠٠٠) حەفتا و پێنج هەزار دینار مانگانەی خەرج دەکرێت

**دووەم:** خەرجی هاتووچۆی سەرپەرشتیارانی (بنەڕەتی ) دەرەوەی شارەکان بەم شێوەی خوارەوە خەرج دەکرێت .

١- بۆ ئەو سەردانانەی دووریان لە (٣٠کم) کەمترە بۆهەر سەردانێك بڕی (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار خەرج دەکرێت.

٢- بۆ ئەو سەردانانەی دووریان لە (٣٠کم) زیاترە بۆ هەر سەردانێك بڕی (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار خەرج دەکرێت.

**سێیەم:** خەرجی هاتووچۆی سەرپەرشتیارانی (ئامادەیی) دەرەوەی شارەکان بەم شێوەیەی خوارەوە خەرج دەکرێت.

١- بۆ ئەو سەردانانەی دووریان لە (٣٠کم) کەمترە بۆهەر سەردانێك بڕی (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار خەرج دەکرێت.

٢- بۆ ئەو سەردانانەی دووریان لە (٣٠ تاکو ٥٠کم) بۆهەر سەردانێك بڕی (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار خەرج دەکرێت.

٣- بۆ ئەو سەردانانەی دووریان لە (٥٠کم) زیاترە بۆ هەر سەردانێك بڕی (٤٠,٠٠٠) چل هەزار دینار خەرج دەکرێت.

**چوارەم:** کرێی سەردان خەرج دەکرێت لەسەر بنەمای فەرمانی کارگێڕی و پەسەندکردنی سەرپەرشتیاری یەکەم بە (مۆر و واژوو)ی خۆی بۆ ئەو قوتابخانانەی کە سەردانی کردوون لە مانگەکەدا و پێویستە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پەیوەندیدارەوە پەسەند بکرێت.

**پێنجەم:** خەرجییەکانی سەرەوە بۆ ئەو سەرپەرشتیارانە خەرج دەکرێت کە بە کردەیی ( فعلي ) سەردانی قوتابخانەکان دەکەن و ئەوانەی کە سەردانی قوتابخانەکان ناکەن بۆیان خەرج ناکرێت

**شەشەم:** لەکاتی پشووی هاوینە دەرماڵەی هاتووچۆی سەرپەرشتیاران خەرج ناکرێت جگە لەومانگانەی کە تاقیکردنەوەو وردبینی نمرەکانی تێیدا ئەنجام دەدرێت

**حەفتەم:** نابێت لە هیچ حاڵەتێکدا لە مانگێکدا ژمارەی سەردانەکان (١٢)دوانزە سەردان زیاتر بێت کە لە فەرمانی وەزاریتان ژمارە /١٧٤٢لە ٢٠١٣/١/٢٧ هاتووە جگە لەم حالەتانەی خوارەوە کە بە فەرمانی تایبەت ئەنجام دەدرێت وەکو:-

أ- لیژنەی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە.

ب- ئەنجام دانی چالاکی جۆراو جۆر.

ج- هەر سەردانێکی لەناکاو وکاری پێویست.

**هەشتەم:** نابێت لە رۆژێکدا لە (١) یەك سەردان زیاتر هەژماربکرێت بەڵام دەکرێت سەرپەرشتیار سەردانی زیاتر لە یەك قوتابخانە بکات و لەم حاڵەتەدا دوورترین قوتابخانەی بۆ هەژمار دەکرێت لە چوارچێوەی (١) یەك سەردان.

**نۆیەم:** کار بە هیچ ڕێنمایی و نووسراوێکی تر ناکرێت تایبەت بەم بابەتە

**دەیەم:** ئەم ڕێنماییە لە بەرواری ٢٠١٧/٦/١وەجێ بەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

رابەر صدیق محمد

بریکاری وەزارەت بەوەکالەت

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە : ٨٨٠٧ لە ٢٠١٧/٧/١١**

## ڕێنمایی ژمارە ( ١٩ )ی ساڵی ٢٠١٧

## کرێی وانە بێژی

**پاڵپشت بە ڕێنماییمان ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠١٦ کە تایبەتە بە کرێی وانەبێژی بۆ مامۆستایانی میلاکی وەزارەتی پەروەردە لە قۆناغەکانی بنەڕەتی و ئامادەیی بڕیارماندابە:-**

**یەکەم: کرێی وانەبێژی بۆ ئەو مامۆستایانەی کە لە سەر میلاکی هەمیشەیین بۆ هەر کاتژمێرێك بڕی ( ٢٠٠٠) تەنها دوو هەزار دینار خەرج دەکرێت بە مەرجێك ( نصابي ) وانە ووتنەوەی خۆی تەواو بکات کە لە قوتابخانە بۆی دانراوە .**

**دووەم: کرێی وانەبێژی بۆ ئەو مامۆستایانەی کە دانەمەزراون .**

| بڕوانامە | بڕی پارە بۆ هەر کاتژمێرێك |
|---|---|
| ١- هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم | ٣٠٠٠ سێ هەزار دینار |
| ٢- هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریوس و دبلۆمی باڵای(١) ساڵ | ٤٠٠٠ چوار هەزار دینار |
| ٣- هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و هاوتاکەی | ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار |
| ٤- هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا و هاوتاکەی | ٦٠٠٠ شەش هەزار دینار |

**سێیەم: کرێی وانەبێژی بۆ مامۆستایانی (دانەمەزراو) لە قوتابخانەکانی سیستەمی ئینگلیزی**

| بڕوانامە | بڕی پارە بۆ هەر کاتژمێرێك |
|---|---|
| ١- هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم | ٤٠٠٠ چوار هەزار دینار |
| ٢- هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریوس و دبلۆمی باڵای(١) ساڵ | ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینار |
| ٣- هەڵگری بڕوانامەی ماستەر و هاوتاکەی | ٦٠٠٠ شەش هەزار دینار |
| ٤- هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا و هاوتاکەی | ٧٠٠٠حەوت هەزار دینار |

**چوارەم: خالی (٥)ی ڕێنماییمان ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٦ هەروەکو خۆی کاری پێدەکرێت کە تایبەتە بە خەرج کردنی کرێی وانەبێژی مامۆستایانی نەهێشتنی نەخوێندەواری بە بڕی (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار دینار مانگانە .**

**پێنجەم: کار بە هیچ ڕێنمایی و نووسراوێکی تر ناکرێت تایبەت بەم بابەتە .**

**شەشەم: ئەم ڕێنماییە لە ساڵی خوێندن ( ٢٠١٧ – ٢٠١٨ ) و بەدواوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .**

**ڕابەر صدیق محمد**

**بریکاری وەزارەت بەوەکالەت**

**وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی**

**ژمارە: ٢١٢٩ لە ٢٠١٧/٦/٢٠**

بەپێی ئەودەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (٣) بڕگەی (١و ١٧) لە یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٠) ، وە بە مەبەستی پێدانی مۆڵەتی کارکردنی لقی ژوورە بازرگانییەکان و بنکەی کاری بازرگانی و سەنتەری بازرگانی لە هەرێمی کوردستان بە شێوازێکی دروست و یاسایی بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنمایییەی خوارەوە بۆ ڕێکە پێدانیان:-

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٧**

**پێدانی مۆڵەتی کارکردنی لقی ژوورە بازرگانیەکان و بنکەی کاری بازرگانی و سەنتەری بازرگانی**

**ماددەی (١):- پێناسەکان :**

أ- لقی ژوورەبازرگانییەکان : مەبەست لە ژوورە بازرگانییە بیانییەکانە کە لق لە کوردستان دەکەنەوە .

ب- بنکە یان سەنتەری کاری بازرگانی : سەنتەر یان بنکەیەك کەوا بە شێوەی هەندەکی یان هەمەکی کاری بازرگانی کۆمەڵە کۆمپانیایەك ڕێك دەخات و ئاسانکارییان بۆ دەکات .

**ماددەی (٢):- مۆڵەتی کردنەوەی لقی ژووری بازرگانی :**

ئەو لقەی ژووری بازرگانی کە داخوازی ڕێگەپێدان لە چالاکی ئاسانکاری بازرگانی بۆ ژووری بازرگانی لە وڵاتی دایك لە هەرێمی کوردستان دەکات پێویستە ئەم ڕێوشوێنانەی لای خوارەوە بگرێتەبەر و ئامادە بکرێت :

١- نیزامی ناوخۆیی :

أ- ئامانجی کردنەوەی لق لە هەرێمی کوردستان .

ب- چالاکییەکانی لقی سەرەکی بۆ ماوەی سێ ساڵی پێشوو.

ج- دیاریکردنی سەرچاوەی دارایی .

٢- (تخویل) بوونی لە ژووری بازرگانی وڵاتی دایك بۆ وەرگرتنی مۆڵەت هەبێت .

٣- پشتڕاستکردنەوەی داواکاری لەلایەن فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و کونسوڵخانە یان باڵیۆزخانەی ئەو وڵاتە .

٤- پێشکەشکردنی داواکاری بۆ کردنەوەی لق بە دیوانی وەزارەت .

٥- کۆپی پاسپۆرت یان ناسنامەی بەڕێوەبەری ڕێگەپێدراو و هاوبەشەکانی و ناسنامەی نیشتەجێبوون .

٦- کۆپی گرێبەستی باڵەخانەی ئۆفیس دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرەتایی کارکردن پێشکەش بە وەزارەت دەکرێت .

٧- رسوماتی مۆڵەتپێدان بە بڕی (١٠٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن دینار .

٨- رسوماتی نوێکردنەوە بە بڕی (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار دەبێت .

٩- لە دادنووس بەڵێن بدرێت کەوا :-

أ- چالاکی بازرگانی ناکەن , بەڵکو تەنها چالاکی ئاسانکاری بازرگانی دەکەن .

ب- ملكەچی چاودێری و پشكنینی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەبن .

١٠- تۆماركردنی ناوی لق لە یەكێتی ژوورەكانی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی كوردستان .

**ماددەی ( ٣ ):-**

بە هیچ شێوازیك مۆڵەتی ئەم لق و بنكە و سەنتەرە بە مۆڵەت ناژمێردرێت بۆ كۆمپانیا و ئەندامەكانیان بەڵكو هەر كۆمپانیایەك بە پێی یاسای كارپێكراوی بەڕێوەبەرایەتی تۆماركردنی كۆمپانیاكان مۆڵەت وەردەگرێت .

**ماددەی ( ٤ ):-**

دیوانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە كاتی وەرگرتنی گشت بەڵگەنامەكان هەڵدەستێت بە چاوپێداخشاندنی وە لە ماوەی (١٤) رۆژدا وەڵامی لایەنەكە دەداتەوە وە لە كاتی رەزامەندی پێدانی مۆڵەت وەزارەت فەرمانی وەزاری دەردەكات وە گشتاندنی فەرمانەكە دەكات بۆ گشت لایەنە پەیوەندیدارەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان .

**ماددەی ( ٥ ):-**

لە كاتی رەزامەندی نەدانی وەزارەت بە مۆڵەت پێدانی بە هۆكاری تەكنیكی بێت یان نەگونجانی كار و چالاكییەكانی لەگەڵ یاساكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان بێت . دەبێت ئاگادار بكرێتەوە بنكەكە یان ژوورەكە دەتوانێت داواكارییەكە دووبارە راستەوخۆ پێشكەش بە وەزیری بازرگانی و پیشەسازی بكات بە مەبەستی بڕیاردانی كۆتایی .

**ماددەی ( ٦ ):-**

بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەت هەڵدەستێت بە كاركردن لەو بوارەدا و بە دواداچوون و راپەڕاندنی گشت پرۆسەكانی وەرگرتن و ئامادەكارییەكانی دەكات .

**د . علی سندی**

**وەزیری بازرگانی و پیشەسازی بەوەكالەت**

**ئەنجومەنی دادوەری**

**ژمارە : ١٠٤١ لە ٢٠١٧/٦/١٢**

**بەیان**

**پشت بەستن بە حوکمی مادده (٨) لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-**

**یەکەم: دەست پێکردنی پشووی دادگاکانی هەرێمی کوردستان – عێراق بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ لە بەرواری (٢٠١٧/٧/١) .**

**دووەم : ئەو کێشانەی پەیوەندییان بە ( کاروباری شارستانی و بازرگانی و باری کەسینەوە ) هەیە کە لە خوارەوە هاتووە بە کێشە و داوای بەپەلە دادەنرێن .**

**١-وەرگرتنی داوانامە ( عريضة الدعوى ) و گلدانەوەی یەدەگ ( الحجز الاحتياطي ) و پێراگەیاندنی یاسایی .**

**٢- ئەو کێشە و پرسە بەپەلانەی دەروازەی دەیەم لە کتێبی یەکەمی یاسای دادبینی شارستانی ژمارە (٨٣)ی ساڵی ١٩٦٩ دیاری کردوون .**

**٣- ئەو داوایانەی گلدانەوەی سەرەتایی تێدایە یا داوای دواخستنی جێبەجێ کردنی بریاریك یا مامەڵەیەکی تێدا دەکات .**

**٤- داوای میری بۆ موڵك سەندنەوە ( استملاك )**

**٥-ئەو داوایانەی داوالێکراو قەدەغە دەکرێت لە چوونەدەرەوەی هەرێم .**

**٦- داوای مایە پوچ بوون (افلاس) و هەر داوایەکی تری لێی بکەوێتەوە .**

**٧- داوای هەڵگرتنەوەی و لێك کرینەوە ( شفعه ) و پاکتاوکردنی وەقف و چۆڵکردنی بەکرێدراو .**

**٨- داواکانی تایبەت بە مافەکانی ئاودان و رێگەی جۆگەلە و سوولاوکە و هاتووچون (حقوق السقي و الجري و المسيل و المرور ) مافەکانی ( ارتفاق) .**

**٩-داوای پاکتاوکردنی کۆمپانیا و ئەو داوایانەی لێی دەبنەوە .**

**١٠- داواکانی راست کردنەوەی (تەمەن ، ناو ، نازناو )**

**١١- ئەو داوایانەی فەرمانگەی رەسمی یان نیمچە رەسمی دەزگا گشتیەکان تیایدا لایەنە .**

**١٢- داواکردنی خەرجی بژێوی (نفقه) و دایەنی (حضانه) و دیتنی منداڵ و رەچەڵەك (نسب).**

**١٣- داواکانی سەلماندنی پێگەیشتووی لێهاتووی ( اثبات الرشد ) .**

**١٤- داواکانی لادانی سەرکار (قيم) و پێ سپێرداو (وصی ).**

**١٥- داواکانی دابەشکردنی میرات و ئەو مامەڵانەی لێیان دەکەونەوە .**

**١٦- ئەو داوایانەی یاسایەك بەپەلە دانابێت .**

**سێیەم : جگە لەو داوا و کێشانەی لە بڕگەی دووەمی ئەو (بەیان)ە دا هاتووە ، دادگا بۆی هەیە لەماوەی پشووی دادگاکان ببێنیت ئەگەر :-**

أ- بۆ دادگا دەرکەوت لە دواخستنی داواکەی زیان دەکەوێتەوە .
ب- هەردوو لایەنی داواکە داوای دادبینی لە کاتی پشووی دادگاکان بکەن .
ج- داواکە گەیشتبووە قۆناغی کۆتایی .
**چوارەم :** گشت مامەلەکانی دادگا لە کاروباری ئاسایی خۆیان لەکاتی پشووی دادگاکان بەردەوام دەبن .

**ج / سەرۆك**
**دادوەر / اسعد حسين عزيز**
**ل / سەرۆکی ئە نجومەنی دادوەری**

---

**وەزارەتی داد**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٧**

**پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٩) برگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-**
**- گۆڕینی ناوی بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی ڕانیە بۆ بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی ڕاپەرین .**

**سـنان چلبـی**
**وەزیـری داد**

---

**وەزارەتی پەروەردە**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٧**

**پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٢٢) برگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو بڕیارماندا بە :-**
**- کردنەوەی ( بەرێوەبەرایەتی سەرپەرشتی کردنی پەروەردەیی ) لەسەر میلاکی بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجەی شەهید .**
**- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لەرۆژی دەرچوونییەوە رێکەوت ٢٠١٧/٦/١٩ .**

**د. پشتیوان صادق عبدالله**
**وەزیـری پەروەردە**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەیانی ژمارە ( ٦ )ی ساڵی ٢٠١٧**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٣) بڕگەی (١) لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و دوابەدوای ڕێنماییمان بەنووسراوی ژمارە (٨٢٢١) لە ٢٠١٣/٨/٢١ و هەمواری یەکەمی ئەم ڕێنماییە و بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٦ بڕیارماندا بەدەرچواندنی ئەم هەموارە :-

یەکەم : هەموارکردنی بەشی دووەم بڕگە (٢) تایبەت بە دامەزراندنی موختار بەم شێوەی خوارەوە:-

هەڵبژاردنی موختار و ڕاسپاردنی بۆ کارەکەی لە ڕێگای پێشکەش کردنی داواکارییەکی ڕاستەوخۆ (CV) و بەپێی لێهاتوویی و مەرجەکانی هاتوو لەم ڕێنماییە دەبێت بۆ پارێزگا یان یەکەی کارگێری سنوری کارەکەی و لەڕێگای لیژنەیەکی تایبەتەوە کە پێکهێنرا بێت بۆ مەبەستی ئەم ڕێنماییە و دامەزراندنی بەبڕیارێك لەلایەن پارێزگارەوە .

دووەم : ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی ( وەقایعی کوردستان ) جێبەجێ دەکرێت .

**کریم سنجاری**
**وەزیــری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەیانی ژمارە ( ١١ )ی ساڵی ٢٠١٧**

**تایبەت بەهەمواری چوارەمی ڕێنمایی تایبەت بەکاری موختارەکانی ساڵی ٢٠١٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٣) بڕگەی (١) لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بەرێنمایی سەرەوە کە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە (١٦١)لە ٢٠١٣/٤/٣٠ بڵاو کراوەتەوە و هەمواری یەکەمی ئەم ڕێنماییە لە ژمارە (١٦٨) بڵاوکراوەتەوە و بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٦ و بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٧ بڕیارماندا بەدەرچواندنی ئەم هەموارەی خوارەوە :-

یەکەم : هەموارکردنی بڕگە(سێیەم /٣) و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :

( ٣- تەمەنی کەمتر نەبێت لە (٣٠) ساڵ لەکاتی پێشکەش کردنی داواکاری دامەزراندن بە موختار ) .

دووەم : هەموارکردنی بڕگە(سێیەم /٦) و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :

( ٦- فەرمانبەری کەرتی گشتی و تایبەتی نەبێت ) .

سێیەم : ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان ) جێبەجێ دەکرێت .

**کریم سنجاری**
**وەزیــری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە : ١١٣٩٥ لە ٢٠١٧/٧/١٠**

**بەیانی ژمارە( ١٢ )ی ساڵی ٢٠١٧**

**هەمواری دووەمی ڕێنمایی ڕێکخستنی کاری کۆمپانیا ئەمنییەکان لە هەرێمی کوردستان**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە مادده (٣) برگە (١) لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ ولەبەر بەرژەوەندی گشتی و دوابەدوای رێنماییمان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٥کە لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە (١٩٢ لە ٢٠١٥/١١/٥ بڵاوکراوەتەوە و بەیانی هەمواری یەکەمی ڕێنمایی سەرەوە ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٦، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم هەموارانەی خوارەوە:-**

**یەکەم: زیادکردنی بڕگە ٧و ٨ لە ماددەی یەکەم لە رێنمایی سەرەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

**ماددەی یەکەم :**

**بڕگە/٧ : سەگی پاسەوانی: ئەوسەگانە ی کە بۆکاری پاسەوانی و ئەمنی بەکاردیت لە جۆری k9**

**بڕگە ٨: ڕاهێنانی ئەمنی: ئەوجۆرە ڕاهێنانانەیە کە لەسەر کاری پاسەوانی ئەنجام دەدرێت لەلایەن کۆمپانیاکانی تایبەت بە ڕاهێنانی پاسەوانی ئەمنی)**

**دووەم: زیادکردنی برگە١٠و١١و١٢لە ماددەی سێیەم لە رێنمایی سەرەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە.**

**ماددەی سێیەم :**

**بڕگەی/ ١٠: دیاریکردنی جۆرو ژمارەی سەگی پاسەوان ئەگەر مۆڵەتی کۆمپانیا تەنها تایبەت بوو بە هاوردەکردن و دابین کردن و راهێنانی سەگی پاسەوانی بێت .**

**برگەی /١١دیاری کردنی شوێن و جۆری ڕاهێنان و ماوەکەی ئەگەر کۆمپانیای ئەمنی تایبەت بێت بە ڕاهێنانی کاری پاسەوانی**

**برگەی/١٢ : پێویستە کۆمپانیای بواری ڕاهێنانی ئەمنی گۆرەپانی مەشق و تاقیکردنەوەی بەکارهێنانی چەکی هەبێت لە دەرەوەی سنووری شارەوانی)**

**سێیەم: زیادکردنی بڕگە٩و١٠لە مادده شەشەم لە رێنمایی سەرەوەو بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە.**

**٩- کۆمپانیاکانی تایبەت بە هاوردەکردن و دابین کردن و راهێنانی سەگی پاسەوانی دەبێت شوێنی تایبەت دابین بکات بۆ حەواندنەوەو دابین کردنی خواردنی تایبەت بۆ سەگی پاسەوانی.**

**١٠-پێویستە سەگی پاسەوانی لە جۆری k9 بێت و بڕوانامەی راهێنانی باوەرپێکراوی هەبێت**

**چوارەم: ئەم هەموارانە کاری پێ دەکرێت لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).**

**کریم سنجاری**

**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی پلاندانان**

**بەیانی ساڵی ٢٠١٧**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی پلاندانان ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠٠٦) ماددەی (٥) بڕگەی (٢) بڕیارماندا بە:-**

- **گۆڕینی شێوەی هۆبەی ئاماری پارێزگای هەڵەبجە لە هۆبەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاماری هەڵەبجە سەر بەدەستەی ئاماری هەرێم کە پێک دێت لەو هۆبانەی کە لەهەیکەلی پەسەندکراوی بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاماری پارێزگاکان.**

**د.علی سندی**

**وەزیری پلاندانان**

---

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-**

**بەیانی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١٧**

- **کردنەوەی (بنکەی تەندروستی کەمپی چەمەکۆر ) سەربە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .**
- **ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچونیەوە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٥/١٥.**

**بەیانی ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠١٧**

- **کردنەوەی (بنکەی تەندروستی کەمپی خازر M1 ) لە پارێزگای موصل سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .**
- **ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچونیەوە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٥/١٥.**

**بەیانی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠١٧**

- **کردنەوەی (سەنتەری د.خاوەر بۆ نەزۆکی و منداڵی بلوری ) لە نەخۆشخانەی ئافرەتان ولەدایک بوون سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .**
- **ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچونیەوە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٥/١٦.**

**بەیانی ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠١٧**

- **کردنەوەی (بنکەی تەندروستی زەیتون ) لە ناحیەی دارەتوو سەر بەبەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر**
- **ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچونیەوە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٥/١٦.**

**د.ڕێکەوت حمە رشید کریم**

**وەزیری تەندروستی**